# مافەکانی تۆ لە لێکۆلینەوەد

## ئەم نامێلکەیە زانیاریە بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداری دەکەن سەبارەت بە مەسەلەی کۆچ کردنی زۆرەملی

بە بەشداری کردنت لە پرۆژەی لێکۆلینەوە شانسی ئەوەت پێ دەبەخشێ کە گوێ لە دەنگت بگیرێ، بەلام لە هەمان کاتدا لەوانەیە بۆتۆ گونجاو نەبێ، کات وەیان پارە لەسەر تۆ تەکلیف دەکات، وە / یان وات لێ دەکات کە لەبارەی بەدەنی و دەرونیەوە نارەحەت بی. ئەم نامێلکە زانیاریە کە مەرجە سەرەکیەکانی بەشداری کردنی تۆ تاووتوێ دەکات و چوارچێوەی مافەکانت دیاری دەکا.



## ڕەزامەندی وە زانیاری پێویست بۆ بەشداری کردن بە شێوەی خۆبەخش

ئەمە مانای ئەوەیە کە تەنها تۆ دەتوانی بریار بدەی کە ئایا تۆ دەتەوێ بەشداری بکەی لە پرۆژەی لێکۆلینەوە یان نا. با ئەوە لێک بدەینەوە:

**خۆبەخشی** مانای ئەوەیە کە تۆ خۆت بە ئازادانەو بە ئارەزوی خۆت بریار دەدەی بە بێ ئەوەی کە سزا بدرێ ی لەبەرئەوەی رەفزی بەشدار بون دەکەی وە بەرامبەر دەستکەوتی گەورەش نەبێ (بۆ نمونە مەبلەغێکی زۆری پارە) بۆ ئەوەی رازی بی لە بەشداری کردن.

. لە شتومەک و خزمەتگوزاری بێ بەش ناکرێ ی بەهۆی ئەوەی کە رەفزی بەشدار بوونت

کردوە.

. تەنانەت ئەگەر کەسێک، فەرمانبەری حکومەت وە یان رێکخراوێک پێشنیار یان داخوازی بکا کە تۆ بەشداری بکەی لە لێکۆلینەوەکە، مەجبور نیت بیکەیت. تۆ لەگەل ئەوەشدا هەمان خزمەتگوزاری و سەرچاوە دەتگرێتەوە تەنانەت ئەگەر بەشداریش نەکەی.

**زانیاری پێدراو** مانای ئەوەیە کە تۆ مافی ئەوەت هەیە بزانی کە لێکۆلینەوەکە لە بارەی چیەوەیە، وە چیت لێ داوا کراوە بۆ ئەوەی بیکەی، وە ئەو ئیستیفادەیەی کە لەوانەیە بکرێ وە مەترسیەکانی بەشداری کردنت چین؟

. پێویستە پرسیار بکەی کە لێکۆلینەوەکە ماوەی چەندی پێدەچێ وە بەتەواوی چی لەتۆ داوا دەکرێ.
. مافی ئەوەت هەیە بزانی کە لێکۆلینەوەکە چۆن هاوبەشی پێ دەکرێ و چۆن دەتوانی ئەنجامی لێکۆلینەوەکەت دەست بکەوێ وە ئاگادار بکرێیتەوە.
.

© Christina Clark-Kazak, 2021. Translation by A.Pishdary and A.Ata. CC BY-NC-SA 4.0.

# مافەکانی تۆ لە لێکۆلینەوەدا

مافی ئەوەت هەیە کە داوا بکەی ئەو زانیاریانە بەو زمانەی کە تێ ی دەگەی دەستت بکەوێ.
ئەگەر پێویستیت پێ ی بوو دەتوانی داوای وەرگێر بکەی
.لێکۆلەرەوەکە پێویستە هۆیەکانی پەیوەندی کردنت پێ بدا بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ بکەی لە کاتێکدا
کە پرسیارێک یان نیگەرانیەکت هەبوو. هەروەها ئەو هۆیانەی پەیوەندی کردن دەتوانرێ بەکار
بهێنرێ ئەگەر دوایی بتەوێ لەو لێکۆلینەوەیە خۆت بکشێنیتەوەو ئیدامەی نەدەی. .
مافی ئەوەت هەیە لەهەر کاتێکدا بێ پرسیار بکەی.

**پەسند کردن** مانای ئەوەیە کە تۆ بە ئاشکرایی رازیت بە بەشداری کردن.
. کەس ناتوانێ لە جیاتی تۆ پەسندی بکات (بێجگە لەوانەی تەمەنیان بچوکە یان ئەوانەی کە توانای
مێشکیان لاوازە. بۆ پەسند کردنی ئەو حالەتانە ئەم زانیاریانەی خوارەوە ببینە). .
بەگشتی، داوا لە تۆ دەکرێت فۆرمێک ئیمزا بکەیت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رەسمی کە تۆ
رەزامەندیت دەربریوە بۆ ئەوەی لە لێکۆلینەوەکە بەشداری بکەی. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە لەگەڵ
خزمان و برادەران و کارمەندانی جێگیر کردن و ئەندامانی کۆمەلگاو یان هەر کەسێکی تر
موناقەشەی فۆرمەکە بکەی پێش ئەوەی بریار بدەی کە ئایا ئیمزای بکەی یان نا. لێکۆلەرەوەکە
پێویستە کۆپیەیەک لەو فۆرمە بۆ تۆ دابین بکات کە تۆ ئیمزات کردوە. .
ئەگەر پێت باشە، لەجیاتی ئەوە دەتوانی داوا بکەی کە رەزامەندی زارەکی بدەی. ئەوە هەمو
کاتێک گونجاو نیە. ئەوە دەکەوێتە سەر داواکاری لێکۆلەری ئەنجومەی لێکۆلینەوەی رەفتارچاکی (1).
لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانی لە لێکۆلینەوەکە بکشێیتەوە. تۆ ناچار نیت بە تەواو کردنی دیراسەت
کردنی لێکۆلینەوەکە. ئەگەر بریارت دا بکشێتەوە، مافی ئەوەت هەیە داوا بکەی کە هیچ لە
زانیاریەکانی تۆ بەکار نەهێنرێن. .
تۆ هەروەها دەتوانی وەلامدانەوەی هەر پرسیارێکی تایبەتی وەیان بەشداری کردن لە شێوەیەکی
تایبەتی لێکۆلینەوەکە رەت بکەیتەوە.

**رازی بوون** مانای ئەوەیە ئەو کەسەی کە لە ژێر تەمەنی بالق بوونە وەیان توانای مێشکی
سنووردارە رازییە بە بەشداری کردن. لەو حالەتانەدا، دایک و باوک وە یان لێپرسراوو
غەمخۆر پێویستە رەزامەندی دەربرن بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەکە جێبەجێ ببێ. بە واتایەکی تر،
رازی بوون و پەسند کردن پێویستە.

(1) (REB) ئەنجومەنی لێکۆلینەوەی رەفتارچاکی: کۆمیتەیەکی دەزگای لێکۆلەرەکانە کە بەرپرسە

لە چاوپێداخشاندنەوەی پرۆژەکانی لێکۆلینەوە بۆئەوەی دلنیا بێتەوە کە لێکۆلەر پالپشتی دەکا لە
پرێنسیبەکانی رەفتارچاکی کە لە بەلگەنامەکەدا باس کراوە. ئەو ئەنجومەنە پێویستە کار بکا بۆ
بۆئەوەی پێشخستنی مافەکانی تۆ لە لێکۆلینەوەکەدا لەپێش چاو بگیرێ.

© Christina Clark-Kazak, 2021. Translation by A.Pishdary and A.Ata. CC BY-NC-SA 4.0.



CENTRE FOR REFUGEE STUDIES
CANADIAN COUNCIL FOR REFUGEES
CONSEIL CANADIEN POUR LES RÉFUGIÉS
CARFMS/ACERMF

# مافەکانی تۆ لە لێکۆلینەوەدا



## مافی تۆ لە تایبەتمەندی و پاراستنی نهێنی زانیاری کەسایەتی تۆ

ئەمە مانای ئەوەیە کە لێکۆلەرەوەکە ناتوانێ تو وە یان وەلامەکانت لە لێکۆلینەوەکەدا پێناسە بکا بە بێ مۆلەتی تۆ. چەند شتێک کە بیری لێ بکەیتەوە:

**تایبەتمەندی ئەو مافەیە کە دوور بێ لە دەست تێوەردان و خۆ بەسەردا سەپاندن هەروەها ئەو مافەیە کە کۆنترۆلی زانیاریەکان دەربارەی خۆتەوە بکەی.**

- مافی ئەوەت هەیە بپرسی کە لێکۆلینەوەکە لە شوێنێکی تایبەت و ئەمین بەرێوە دەبرێ، لە شوێنێک کە کەسانی تر بۆیان نەبێ تۆ بناسن و بزانن کە تو بەشداریت لە لێکۆلینەوەکە کردوە.
- تۆ مافی هەلبژاردنی ئەوەت هەیە کە ئایا تو دەتەوێ لە لێکۆلینەوەکەدا پێناسە بکرێ ی یان نا. لە هەندێ حالەتدا، لەوانەیە لێکۆلەرەوەکە نەتوانێ ناوی راستەقینەی تو بەکار بهێنێ، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشکراش بپرسی، لەبەرئەوەی لەوانەیە کەسانی تر لە لێکۆلینەوەکەدا پێناسە بکەن کە بژاردەی ئەوەیان کردوە نەناسرێن.
- مافی ئەوەت هەیە بزانی کە چۆن زانیاریەکانی لێکۆلینەوەکە بەکار دەهێنرێن.
- لێکۆلەرەوەکان پێویستە بەشێوەیەکی ئاشکرا باسی بکەن کە تو چۆن دەتوانی زانیاریت بەدەست بگا دەربارەی دۆزینەوەکانی ناو لێکۆلینەوەکە.

**پاراستنی نهێنی بریتیە لە پاراستنی زانیاری کەسایەتی.**

- لێکۆلەرەوەکە پێویستە رێگایەکی ئەوتو بگرێتە بەر بۆ پاراستنی زانیاریە کۆکراوەکان بەشێوەیەک کە کەسانی تر لێ ی نزیک نەبنەوە.
- مافی ئەوەت هەیە کە بزانی بۆ ماوەی چەند زانیاریەکان هەلدەگیرێن و خەزن دەکرێن وە کێ دەتوانێ دەستی بکەوێ.
- لێکۆلەرەوەکە رێگەی پێنادرێ ئەو زانیاریانە بدا وەیان بیفرۆشێ بۆ لایەنی سێهەم وەیان هیچ کەسێکی دیکە.
- لەهەندێ حالەتدا، لێکۆلەرەوەکە لەوانەیە بەهۆی پابەندبوونی رەوشتیەوە بۆی هەبێ زانیاری دەربارەی ئازاردانی خۆیی وە یان ئازاردانی کەسانی تر ئاشکرا بکات. فۆرمی پەسند کردن پێویستە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بۆ سنووری نهێنیەکان بکا. ئەگەر گومانت هەیە، پرسیار بکە! هەروەها تۆ مافی ئەوەت هەیە کە سوور بی لەسەر ئاشکرا نەکردنی هەم و ئەو زانیاریانەی کە لە بارەی تووە کۆ کراونەتەوە.
- لە هەندێ حالەتدا، لێکۆلەرەوەکە لەوانەیە ناچاریەکی یاسایی هەبێ بۆ گەیاندنی چالاکی تاوان بۆ پۆلیس. فۆرمی پەسند کردن پێویستە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بکا بە سنورەکانی پاراستنی نهێنی. ئەگەر گومانت هەیە، پرسیار بکە! هەروەها تو مافی ئەوەت هەیە کە سوور بی لەسەر ئاشکرا نەکردنی هەمو ئەو زانیاریانەی کە لەبارەی تووە کۆ کراونەتەوە.
- لە کاتێکدا وەلامی هەلسەنگاندنی ئۆنلاین دەدەیتەوە، پێویستە ئاگادار بی کە ئەو زانیاریانە لە

© Christina Clark-Kazak, 2021. Translation by A.Pishdary and A.Ata. CC BY-NC-SA 4.0.



CENTRE FOR REFUGEE STUDIES
CANADIAN COUNCIL FOR REFUGEES
CONSEIL CANADIEN POUR LES RÉFUGIÉS
CARFMS/ACERMF

# مافەکانی تۆ لە لێکۆلینەوەدا

چەند وولاتێک خەزن کراوون، بۆ نمونە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لەوانەیە لێ نزیک

بوونەوەو ووردبوونەوەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ بکرێ. تۆ مافی ئەوەت هەیە بپرسی لێکۆلەر لەم حالەتانەدا تاکو چی رادەیەک پاراستنی نهێنی و تایبەتمەندیەتی گارەنتی دەکا.

**ئاشکرا نەکردنی ناو مانای ئەوەیە کە زانیاری دەربارەی ناسینەوە نیە، لەبەر ئەوە لێکۆلینەوەیەکی دیاریکراو هیچ کەسێک ناتوانێ بەدوایدا بچێ.**

. ئەمە چارەسەرێکە بۆ سنووردانانی پاراستنی نهێنی کە لە سەرەوە باس کراوە. لە دلنیابوون لە چۆنیەتی کۆکردنەوەی زانیاریەکان مانای ئەوەیە کە هیچ کەسێک – تەنانەت لێکۆلەرەوەکەش نازانێ کێ پەیوەندی بەو زانیاریەوە کردوە. .

ئەگەر باری پەنابەریت تاکو ئێستا رێک نەخراوە، پێویستە پرسیار بکەی کە لێکۆلەرەوەکان چۆن دلنیایی ئەوە دەدەن کە زانیاریەکانت نەناسراون. ئەگینا ئەنجامی لێکۆلینەوەکان لەوانەیە تۆ بخاتە مەترسیەوە.

**پابەندبوونی لێکۆلەرەوەکان بۆ ئازار نەدان**

ئەوە مانای ئەوەیە کە سەلامەتی و سەربەرزی و بەرژەوەندی تۆ هەم و کاتێک رەچاو دەکرێ.

. ئەگەر لەهەر قۆناغێکدا هەست بە نارەحەتی بکەی لەکاتی پرۆسەی لێکۆلینەوە، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە لێکۆلەرەوەکە ئاگادار بکەیتەوە.

. ئەگەر لیکۆلەرەوەکە وات لێ بکا کە تۆ هەست بە نارەحەتی بکەی، پێویستە بە یەکێک بلێ ی کە متمانەت پێ ی هەیە ( برادەر، ئەندامێکی خێزان، کارمەندی جێگیر کردن، ئەندامی کۆمەلگا) وە تۆ پێویستە پەیوەندی بکەی بە ئەنجومەنی لێکۆلینەوەی رەفتارچاکی. زانیاری دەربارەی پەیوەندی کردن پێویستە لەسەر فۆرمی رەزامەندی دەربکەوێ. وەیان دەتوانی لە ئینتەرنێت بەدوای زانیاریەکاندا بگەرێ ی. هەموو زانکۆکان و نەخۆشخانەکان ئەنجومەنی لێکۆلینەوەی رەفتارچاکی وە یان کۆمیتەی هاوشێوەیان هەیە. .

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بە رێزو رەوشتی جوانەوە مامەلەت لەگەلدا بکرێ کە رێز لە کەلتورو ئایین و مێژووی نەتەوەییت بگیرێ.

© Christina Clark-Kazak, 2021. Translation by A.Pishdary and A.Ata. CC BY-NC-SA 4.0.



CENTRE FOR REFUGEE STUDIES
CANADIAN COUNCIL FOR REFUGEES
CONSEIL CANADIEN POUR LES RÉFUGIÉS
CARFMS/ACERMF